www.kurdistannet.org
11-12-2006 18:28بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## بۆ کەسایەتی کورد مانگرتنی کردۆتە چەکێک بەرامبەر دەسەڵاتی ئیداری و سیاسی لە هەرێمی کوردستان..؟؟ ... هەورامان علی تۆفیق ـ ئەڵمانیا



هەرکات مرۆڤ هەست بەوە بکات کە کەموکوریەکانی ژیانی بەرەو زیادبوون و و پشت گوێخستنی داواکاریەکانی لە لایەن دەسەڵاتدارانی ئەو ناوچەیەی کە تێیدا دەژی ئەگەر سیاسی بن یان ئیداری. ئەوە ناچار پەنا بۆ مانگرتن دەبات کە ئەمرۆ لە کوردستان وەك باوێکی لێهاتووە، ڕەنگە بەشێوەیەکی باشتر ئەوەی کە ئەمرۆ زیاتر مانگرتنی لەسەر دەکرێ باری ژیان و گوزەرانی خراپی ئەو خەڵکەیە لە نەبوونی خزمەتگوزاری پێداویستیە ئاساییەکانی ژیانی مرۆڤ کە هەریەك وەك کەسایەتیەك مافی خۆیەتی لەووڵاتێکی وەك عێراق دا کەمێك لەو مافانەی کەچەندین ساڵە بەتاڵان دەبرێ و کەس لێی سوودمەند نەبووە ئەمرۆ لەپرۆسەی ئازادی عێراق دا هەر نەبێت کەمێك بەر ئەو خەڵکە ڕەشوو ڕووتە کەوێت بەشێوەیەکی یەکسانی و بێ هیچ جیاوازیەیك لەنێوانیاندا.

لەگەڵ ئەو هەموو کارانەی کە ئەنجام دەدرێن بەڵام هێشتا هێندەی ئەو پێداویستی و کەموو کورتیانەنین و ئەوەی چەندین ساڵە وێران دەکرێ و کاولکاری بەخۆیەوە دەبینێ ئەمرۆ دەبێ زۆر لەوەی ئێستا هەیە و ئەوەی بۆی دەکرێ زیاتر بکرێت، کەواتە لایەنە ئیداریەکە لەپێش لایەنی سیاسی یەوە دەبێ ئەم سەرنجانەی ئاراستە بکرێت، چونکە بارودۆخ و گرفت و ئەوەی کە دەتوانێ کەمێك باری گرانی سەرشانی سەرکردە سیاسیەکانیش کەم بکاتەوە واتە ئەوانەی کە لەڕوی ئیداریەوە دەتوانن کاربکەن بۆیان هەیە باری گرژی و ئاڵۆزی ئەو ژیانە کەمێك هێوربکەنەوە، هەرچەندە بڕیاری سیاسیش لە هەرێم دا دەتوانێ گوژم و گوڕێکی بەتین و بەپەلە بە لایەنی ئیداری بدات تا مانگرتن و نارەزاییەکان کەم ببنەوە و لەلایەکی دیش پرۆژەو ئاوەدانکردنەوە و خزمەتگوزاریەکان بەدیبێن. ئەگەر بەشێوەیەکی گشتی لەسەرجەمی ئەو داواکاریانەووردبینەوە بەو ئەنجامە دەگەین کە ئەوانە نابێ داواکارییان لەسەر بکرێت بەڵکو هەموو ئەو بارە خراپ و گوزەرانە ناهەموارەی کە دانیشتوانی هەموو ناوچەکان و زۆربەی چین و توێژەکان بەدەستیانەوە دەناڵێنن و دەیانەوێ کەمێك لە گوزەرانیان باشتر بکرێت و بتوانن لەم ئازادیەدا وەك مروڤێك بژین و هیچی تر.. دوو جەمسەری ئەم بابەتە ئەوەمان بۆ دەستەبەردەکات کەبپرسین یەکەم ئەو داواکاریانە چین یان بۆ چی.. ؟ دووەم ئەرکی حکومەت لە چۆنێتی بەئەنجام گەیاندنی ئەو داواکاریانە و ئەو پەیوەندیەی کە لەنێوان دەسەڵات و خەڵکی داهەیە و تاچەند دەسەڵاتی هەرێم لەڕوی ئیداریەوە مەبەستە سەرەکیەکانی خۆیی پێکاوە و ئاکارەکان بەو شێوەیەی کە چاوەڕوانیان لێکراوەبەئەنجام گەیشتوون.. ؟؟

جەماوەر ئەو دانیشتوانەی کە لەناوچە جیاجیاکانی ئەم هەرێمەدا نیشتەجێن دوای دارمان ولەدەست دانی ئەوەی کە هەیان بوو و ئاوارەبوون و ژیانێکی پرمەینەتی و سەختی بەهەموو شێوەکانیە بەسەرییان بردووە، ئەوەش لە دوو قۆناغدا، لێرەدا باس لەدوای ڕاپەڕین دەکەم قۆناغی یەکەم دوای ڕاپەڕین و ئەو ژیانە سادەو ساکارەی کە هێشتا سەرەتایەك بوو لەکاروانی کارکردن و بنیاد نانەوە و خۆدۆزینەوەی کەسایەتی کورد کە ئەوە یەکەم شێوە ژیان بوو لەمێژووی نزیکی کورد کە بتوانێ سەربەخۆیەکی لەم چەشنە بەدەست بێنێ و کاروباری ئیداری و سیاسی هەرێمێك لەئەستۆ بگرێت. هیواو بەجۆشی کەسایەتی کورد لەو قۆناغە هەستیارەدا بەشێوەیەك بوو هەموو هەوڵ و کۆششێك لەوەدابوو کە کارەکان بێنەوە سەرپێی خۆیان، بەڵام لادان و لەڕێچکە دەرچوونی ئەم ڕەوتە دوای هەڵبژاردنەکان و ماوەیەك پێکەوە ژیان و کارکردن و دوائەنجام شەڕی براکوژی واتە دروست بوونی

دۆخێکی تایبەت کە تائێستاش کاریگەری لەناخی کەسایەتی کوردی دا هەیە بەتایبەت ئەوانەی لەو ماوەیەدا ئەو ژیانەیان دیوە و هەستیان بەئێشوو ئازارەکان کردووە.. شێواندنی ژیان و لەشیرازە دەرچوونی و بێ هیوابوونی کەسایەتی کورد کۆمەڵێك کاریگەری سلبی هەبوو لەوانە متمانە نەمان و دابڕان لەو پەیوەندیەی کە پێشترهەبوو لە نێوان دەسەڵات و جەماوەر، پاشان دەرگا کردنەوە بۆ دروست بوونی کۆمەڵە لایەنێکی دی کە پێچەوانەی خواست و نەریتەکانی کوردبوون و ئەوانیش کەوتنە نێو گۆڕەپانی سیاسی و مەیدانی زۆران بازی. جەماوەر لەو ژیانە دابڕان و نامۆبوون و وونبوونێکی ڕاست هاتە پێش، کە هەندێ جار هەستی پێدەکرا و لەهەندێ جاری دیدا بەهۆیی پەیوەندیە سیاسیەکانەوە ئەوەش نەدەبینرا یان هەستی پێنەدەکرا..

قۆناغی دووەم و کە لەهەموو قۆناغەکان گرنگ ترو وەرچەرخانێکی مێژوویی گەورەیە بۆکورد کە ڕژێمی دیکتاتۆری بەعسی شۆڤێنی کۆتایی پێهات و ئەو ئازادیەی کە هەمیشە ترسی لەسەربوو ئەو ترس و سڵەمینەوە ڕەووی. لێرەدا جەماوەری کورد بەهیوایەکی ترەوە لە سەرجەم گۆڕانکاریەکانیان ڕوانی لەوانە یەك بوونی دەنگی کوردی و دەست لەدەست نان و پێکەوە کارکردن هیوایەکی تریان بەخشی بەجۆرێك پێش بینی ئەوە دەکرا ئەو کارانەی کە پێشتر نەدەتوانرا هەنگاویان بۆ بنرێن ئێستا کاتیان هاتوون و هەنگاوەکان بەوشێوە پەلەیەدەبن کە کەموو کوڕیەکانی ئەو چەند ساڵەی دوایی پڕدەکرێنەوە و بەزیادیشەوە کاردەکرێت، ئەمە مەبەست لە ئیدارەی کارگێری و جێبەجێ کەر واتە وەزارەتەکان تا دەکاتە بچوك ترین کارمەند ئەوەی کە بچوك ترین کاری بەدەستەوەیە.. بۆ ئەگەر ئەو پەیوەندیە بەو شێوەیە نەبێت ئەوە کار لەئاستی پێویست دا نابێ.. جەماوەر ئەوەی دەیەوێ یان داوایی دەکات و خوازیارە بۆیی جێ بەجێ بکرێت چین... ؟؟ کارەبا و ئاو و سووتەمەنی و ڕێگاو بان و خزمەتگوزاریە پەروەردەیی و فێرکاری و تەندروستی و پێداویستیەکانی تری ژیانە کە مرۆڤێکی سادەو ئاسایی پێویستی پێیەتی بۆی دابین بکرێت کە هەموو ئەو داواکاریانە مافی خۆیانە و پێویستە ئەو دەسەڵاتەی سوێند دەخواد لەئاست ئەو بەرپرسیاریەتەدا بێت ئەو ئەرکانەش بەئەنجام بگەیەنێ.. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە هیچ بەدەست نەهاتووە یان بەهیچ شێوەیەك کارنەکراوە وەك ووتم بەڵکو زۆر شت کراوە و زۆر پڕۆژەش کاریان لەسەردەکرێ و زۆریش تەواوو بوون، بەڵام لەئاست پێویستیەکاندا نین و پێویستە زیاترو زیاتر بکرێن. گرفتی ئیداری لەو شێوە وولاتانەی ئێمەدا نەبوونی پلان و بەرنامەی کارو بۆ ئێستا و ئایندە، ئەگەر پلانیش هەبێت ئەوە بەهۆی جۆراو جۆرەوە پەیڕەوی لەسەرناکرێ و نەبوونی پەیوەندی نێوان دەزگا کارگوزاریەکان ئەمەش بەو پێیەی کە چەندین جار ئەو بەپرسانە بەخۆیان دانیان بەوەدا ناوە کە ئەم شێوە پەیوەندیانە نین و ئەگەر هەشبن زۆر کەمن، کە واتە ئیدارەیەك گرنگە ئەو پەیوەندیە ناوخۆییەی بەتین بکات و کاری بۆبکات تا بتوانێ لەسەر ئەو بنەمایە پەیوەندی توندو تۆڵتریش لەگەڵ جەماوەردا ببەستێت، تا ئەوەی خواستە و هیوایە لەئاست و زەمەنێکی دیاری کراو دا بەدەست بێت و هیوا بەخشێك بێت بۆ جەماوەری کوردستان. دروست بوونی ئەو بێ متمانەیە لە نێوان دەسەڵات و جەماوەر کاریگەری تەواو خراپی دەبێ چ لە جۆنیەتی بەڕێوە چوونی کارەکان و تێگەیشتنی جەماوەر لە سەرجەم چۆنیەتی بوەڕێوەچوونی هەموو ئەو هەنگاوانە.

ئەوەش کە تاچەند حکومەت لە ئاست جێ بەجێکردنی ئەو پێداویستیانەدا بووە و تاچەند ئەو پەیوەندیە پەرەیی پێدراوە، ڕەنگە بەو شێوەی باسمان کرد پەیوەندیەکان سستن هەر ئەوەش دەبێتە هۆکارێك کە جەماوەر پەنا بۆ مانگرتن و دەربڕینی نارەزایی لەهەمان کات دا دەست تێوەردانی لایەنی سیاسی بەواتا حزبە سیاسیەکان و ئەوانەی کە دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە و لەسنووری ئەو ناوچانەدا کە ئەوان دەسەڵاتی یەکەمن، لەگەڵ ئەوەی کە سەرۆکی هەرێم چەند جارێکە تەئکید لەسەر ئەم خاڵە دەکاتەوە کە پێویستە لایەنە سیاسیەکان دەست لەکارو باری حکومی نەدەن و کۆمەڵگایەکی مەدەنی

دروست بکرێت. ئەمەش ئەوە دەگەێنێ کە دەست تێوەردانی لەم شێوەیە بوونی هەیە، بۆ قسەیی لەسەر دەکرێ، کەواتە لایەنە سیاسیە دەبێ لەخۆیانەوە دەست پێبکەن و هەوڵی ئەوە بدەن یەکەم هەنگاو بۆخۆیان دەست لە دەست تێوەردانی حکومەت هەڵگرن و پاشان لەڕێگای جەماوەرەکانی خۆیانەوە هەوڵی ئەوە بدەن ئەو پەیوەندیە پساوەی نێوان جەماوەرو دەسەڵاتی ئیداری دروست بکەنەوە و ئەو بارە گرژیەی کە ئێستا لەئارادایە بە ئاکامی بگەیێنن. چونکە کورد ئەمڕۆ لە ئاستەنگێکی سەخت و دژوار دایە و ئایندەوە دوارۆژی ئەو پرۆسە سیاسیە هەموو ساتێك لەمەترسی دایە چونکە بەپێی ئەو گۆڕانکاریە سیاسیە ناوچەیی و نێونەتەوەیی و ناوخۆییانەی عێراقەوە دەیان بیستین و دەیان بینین ئیشارەتێکی ڕوناك و گەش بینیانە نین کەواتە پلان و هەڵوێستە دوژمنکاریەکانی دژ بە کورد ئەمڕۆ لە برەودایە و ڕۆژ لەدوای گەشەدەکات بۆیە گرنگە جەماوەر هەست بەوە بکات و لەگەڵ ئەوەش دا دەسەڵات پێویستە هەمیشە ئەوەی لەبیر بێت کە ڕۆژانێ باری سیاسی و چارەنووسی کورد کەوتە خەتەرەوە ئەو دەسەڵاتە بەبێ جەماوەر ناتوانێ هیچ بکات و ئەوکات پێویستی بە هێزو توانایی جەماوەری کورد هەیە، کەواتە دەسەڵات و جەماوەر هەمیشە تەواو کەری یەکن و دەبێ هەردەم پەیوەندیەکان لە نێوانیاندا بە پتەوی بمێننەوە و بپارێزرێت.

بەرپرسە ئیداریە ناوچەییەکان و ئاست و توانایی کارکردنیان دەبێ ناوە بەناوە هەڵسەنگاندیان لەسەر بکرێت ئەوەی باشەو کاری کردوە سوپاسی بکرێت و هانبدرێت بۆ کاری زیاتر ئەوەی کارناکات و خەریکی گیرفانیەتی سزابدرێت و لەکارەکەی لاببرێت ئەوەی ئەمڕۆ دەرێتە بەرپرسێکی ئیداری ئەو کورسیە نەبێتە کورسی باو باپیرانی و نەوە بۆ نەوە بۆیی بمێنێتەوە کەواتە گرنگە لە دەسەڵاتی ئیداری دا ناوە بەناوە گۆڕانکاری بکرێت، چونکە ئەوە هۆکارێکە بۆ باش کردن و زیاتر بەرەو پێشبردنی کارو باری ئیداری و ئەو کاتیش جەماوەر وورده وورده ئەو متمانەیەی لادروست دەبێتەوە و پێکەوە ژیان و پەیوەندیە ئاساییەکان بەخۆیان دروست دەبنەوە و ئەو کات ووشەی مانگرتن لەسەر کەمی خزمەتگوزاری نابستینەوە، تەنها مانگرتن بۆبەدەست هێنانی ئامانجە چارەنووس سازە نەتەوەییەکان مان بەکاری دێنین.